نەســـرین خێروڵڵا یەکێکە لە کچە ئاست بەرزەکانی یاریی فۆتسالی کچان (تۆپی پێ لە هۆڵی داخراو) ماوەی چەند ساڵێکە لەم یارییە ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات و سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی راکێشاوە و گۆڵکارێکی بەتوانایە، نەسرین تەمەنی ١٩ ساڵە و قوتابی قۆناغی یەکەمی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیی زانکۆی سەلاحەدینە و ماوەی شەش ساڵە لە یانەی ئافرەتانی هەولێر یاری دەکات و دەڵێت: زۆر شانازی بە شارەکەم دەکەم بۆیە حەز دەکەم هەردەم خزمەتی بکەم و ناوی بەرزبکەمەوە.

لە دوای تەواوبوونی یارییەکانی خولی کوردســـتان بۆ فۆتســـال لەسەر ئاســـتی کچان و بە دەستهێنانی یانەی ئافرەتانی هەولێر پلەی دووەم، بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە دیمانەیەك لەگەڵ نەسرین خێروڵڵادا بکەین.

## نەسرین خێروڵڵا یاریزانی ئافرەتانی هەولێر:

# پێویستە زیاتر بـایەخ بە تـــــ



***هۆکاری هەڵبژاردنی تۆپی پێ بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- یەکێك بوو لە ئارەزووەکانم، بۆیە بە بێ دوودڵی یاریی تۆپی پێم هەڵبژارد.

*** لـــە وەرزی رابـــردوو ئاســـتێکی یەکجار بەرزت پێشـــکەش کرد، بەڵام لـــە وەرزی ئەم ســـاڵدا بە پێچەوانەوە ئەو ئاســـتە نەبوو، کە لێت چاوەڕوان دەکرا هۆکارەکەی بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- هۆکارەکان زۆرن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئاستی زۆربەی یاریزانەکان لە چاو وەرزی رابردوو زۆر خـــراپ بوو، بەتایبەتی من کە لە وەرزی رابردوودا یەکێك بووم لە گۆڵکارەکانی تیپ، بەڵام ئەم ساڵ نەمتوانی هەمان ئاست پێشکەش بکـــەم، هەروەها چوونم بۆ کۆلێژی پەروەردەی وەرزشـــی بەشـــێوەیەکی کەم کاریگەری لەسەرم هەبوو ئەویش بەهۆی ماندووبوون، بە گشتی لە وەرزی ئەم ســـاڵدا تەنیا لە یەك یاریدا ئاستێکی باشم پێشکەش کرد ئەویش یاری ئافرەتانی هەولێر و قەڵا بوو، لە یارییەکانی تر زۆر خراپ بووم.

*** ئەم ســـاڵ تێبینی دەکرا لە تیپەکەتدا کێشـــە و گرفت هەبوو تا چەند ئەمە راستە؟**

- ئەوەی راستی بێت دوای دۆڕانە گەورەکەی بەرامبەر یانەی زێرەڤانی یاریزانەکان تووشی شۆك بوون و بەهۆی ئەم یارییە هەندێك کێشە روویدا، کە زۆربەی یاریزانەکان تا ئێستاش نەیانتوانیوە دان بەوەدا بنێین، کە بەم ئەنجامە تووشی دۆڕان هاتین، بۆیە کاریگەری لەسەر یارییەکانی دواتر هەبوو، ســـوپاس بۆ خوا لە دوایین یارییەکاندا توانیمان بگەڕێینەوە سەر رێگەی راست و پلەی دووەم بە دەست بهێنین.

*** چۆن دەڕوانیە رکابەرییەکانی خولی کوردســـتان ئایا وەرزی رابردوو بەهێزتر بوو یان ئەم ساڵ؟**

- لـــە وەرزی رابردوودا رکابەرییەکـــە تەنیا لە نێوان هەردوو یانەی ئافرەتانی هەولێر و زێرەڤانی بوو، بەڵام لە وەرزی ئەم ساڵدا رکابەرییەکە بەهێزتر بووە و ئێستا هەریەکە لە یانەکانی سەنحاریب و ئەفرۆدێت ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و بوونە رکابەری خولەکە

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی



# ـــــۆپی پێی ئافرەتان بدرێت

شان بەشانی یانەکانی ئافرەتانی هەولێر و زێرەڤانی.

*** چی بکرێت بۆ پێشخستنی یارییەکە؟**

- داوا لە یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان دەکەم زیاتر بایەخ بە تیپەکانی کچان بدات و جیاوازی لەگەڵ تیپەکانی کـــوڕان نەکەن، چونکە کچە یاریزانی ئاســـت بەرزمان هەیە و دەتوانن شـــتی زۆر باش پێشـــکەش بکەن و حەز دەکەین یارییـــەکان زیاتر ئەنجام بدرێت واتـــە خولەکە بە دوو قۆناغ بەڕێوەبچێـــت نەوەك یەك قۆناغ بۆ ئەوەی ئاســـتەکە بەرزتر بێت.

*** تا چەند کچ لە کوردســـتان ئارەزووی یاریی فۆتسال-ی هەیە؟**

- ساڵ بە ســـاڵ ژمارەی کچە یاریزانەکان بەرەو زیاد بوون دەڕوات و چونکە کچیش حەز بە یاریی تۆپی پێی دەکات و هیواداریـــن لە داهاتوو لە یاریگای گەورە یاری بکەین ئەوە ئاواتێکی هەموو کچە یاریزانەکە، کە شـــان بەشانی کوڕان خولێکی تایبەت بە ئافرەتان لە یاریگەی گەورە هەبێت.

*** ئایا بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراوی؟**

- بەڵێ بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراوم، بەڵام تا ئێستا بڕیارم نەداوە بچم یان نا.

*** تا چەند یانەکان پشتگیری لە تیپەکانی کچان دەکەن؟**

- تا رادیەك باش نییە، یانەکەی خۆم، کە تایبەتە بە ئافرەت باشـــە، بەڵام هێشتا تیپەکانی کچان پێویستیان بە پشتگیری هەیە بۆ ئەوەی ئاستیان بەرز بێتەوە بتوانن رکابەری تیپەکانی تر بکەن بەتایبەتی لە دەرەوەی عێراق.

*** لـــە وەرزی ئەمســـاڵدا چ کچـــە یاریزانێك ســـەرنجی ڕاکێشای؟**

- یاریزانەکانی یانەی زێرەڤانی ئاســـتیان زۆر باشـــە، بەڵام یاریزانی یانەکە ســـیپەل زۆر ســـەرنجی راکێشام یاریزانێکی ئاست بەرزە.

*** تا چەند کۆمەڵگا ڕێخۆشـــکەرە بۆ هاتنی کچان بۆ نێو وەرزش؟**

- بۆچوونی کۆمەڵگا ساڵ دوای ساڵ دەگۆڕدرێت بۆ نموونە پێشـــتر ڕێگەنەدەدرا کچ بێتە نێو وەرزش، خۆشم یەکێك بووم لەو کەسانە کە پێشتر ڕێگریم لێدەکرا، بەڵام ئێستا بۆچوونەکە گۆڕاوە و ڕێخۆشـــکەر بووینە بۆ ئەوەی کچەکانیان وەرزش ئەنجام بدەن، چونکە کچ هەیە ئاستی زۆر بەرزە و بەهرەمەندە داوا لە دایك و باوکەکان دەکەم، کە پشتگیری لە کچەکانیان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بوونـــی خۆیان لە کۆمەڵگاو بواری وەرزش بسەلمێنین.

*** کێشەتان چییە؟**

- کێشەی سەرەکی نەبوونی هۆڵی تایبەت بە یاریی فۆتسال بەمەبەســـتی ئەنجامدانی مەشـــق و یـــاری ئەمەش دەبێتە هۆکاری دابەزینی ئاستی کچە یاریزانەکان.

*** دوا وتەت چییە؟**

- دەستخۆشـــی لە هەردوو ڕاهێنەرەکەم دەکەم، کە لە وەرزی ئەم ســـاڵدا زۆر ماندوو بوون لەگەڵمـــان و توانیمان تۆزێك ماندووبوونی ئەوان بکەینە ئەنجام بۆبە دەســـتهێنانی پلەی دووەم و دەستخۆشی لە یاریزانەکان دەکەم بۆ ئەم ئاست بەرزی کە پێشکەشـــیان کرد بەهیوای ئەوەم زیاتر بایەخ بە وەرزشی ئافرەتان بدرێت.





# زاڤی هێرناندیز:
# جامی جیهانی ٢٠١٤ی بەرازیل دوایین بەشداریمە

ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە زاڤی هێرناندیز رایگەیاند جامی جیهانی داهاتووی بەرازیل ٢٠١٤دوایین پاڵەوانییەتی جیهان دەبێت بەشداری تێدا دەکات . ئەمەو زاڤی لەلێدوانێکیدا بۆ پێگەی فیفا روونی کردۆتەوە ساڵی ٢٠١٣ باشترین ساڵەکان بووە لای خۆی کە یاری پێش کۆتایی لەگەڵ بایرن میونشنی ئەڵمانی ئەنجامدا لە خولی پاڵەوانەکانی ئەوروپا، هەروەها نیوەی کۆتایی لەگەڵ ریال مەدرید لەجامی شای ئیسپانیا. هەر لەدرێژەی قسەکانیدا ئەو ئەستێرەی ئیسپانیا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد خۆشییەکی تری ئەم ساڵە ئەوە بوو کە بەرشلۆنە بەهەمان شێوە بووە پاڵەوانی خولی لالیگا. سەبارەت بە دۆڕانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا لەیاریی جامی کیشوەرەکان بەرامبەر بەهەڵبژاردەی بەرازیل لەهاوینی رابردوودا زاڤی وتی هەڵبژاردەکەیان بەو جۆرە کۆشش ناکات تا بیر لەتۆڵەسەندنەوە بکاتەوە گەر رووبەڕووی بەرازیل بۆوە ، بەڵکو هەڵبژاردەی ئیسپانیا هەردەم کاردەکات لەسەر سوود وەرگرتن لەهەڵەکانی رابردوو تا دەستکەوتی زیاتر بەدی بهێنێت.



# ئەندرسۆن: زۆربەی یاریزانانی مان یونایتد ئارەزووی جێهشتنی ئەو یانەیە دەکەن


یاریزانی پێشـــووی یانەی مانچســـتەر یونایتدی ئینگلیـــزی و هەڵبژاردەی بەرازیل ئەندرســـۆن دانی بەوەدانا کە کاتی یاریکردنی لە یانەی شـــەیتانە ســـوورەکان ماوەیەکی درێژە بەکۆتا هاتبوو، بۆیە دووپاتی کردەوە کە زۆربەی یاریزانانی مان یونایتد کۆشـــش دەکەن بەمەبەستی جێهێشتنی ئۆلدترافۆڵد، هەرچەندە یاریزانی نێودەوڵەتی بەرازیل ئەندرسۆن گشت هەوڵ و کۆششەکانی خستە گەڕ بەمەبەستی جێگرکردنی شوێنی خۆی لە پێکهاتەی ســـەرەکیی یانەی شەیتانە سوورەکان لەژێر دەستی داڤید مویسی راهێنەری ئەو یانەیە، بەڵام یانەکەی دەستبەرداری ئەو یاریزانە بوو و رەوانەی ئیتالیای کرد بۆ ئەوەی لەریزی یانەی ڤیۆرنتینا درێژە بەکاروانی وەرزشیی خۆی بدات بەشێوازی خواستن بەشێوەیەك دواتر دەگۆڕێت بۆ قۆناغی فرۆشـــتن، لە کۆتایی هاوینی داهاتوودا بەیەکجاری دەســـتبەرداری مان یونایتد دەبێت. پێویستە بوترێت ئەندرســـۆن لەیانەی پۆرتۆی پورتوگالیەوە چووە ریزی یانەی مان یونایتد لە ســـاڵی ٢٠٠٧ و لەگەڵ ئەم یانەیەدا دەستکەوتی زۆری بەدەست هێناوە لەسەردەمی سێرئەلیکس فێرگسۆن، بەڵام دوای هاتنی مویس ناوبراو بەئاستی ئەم یاریزانە رازی نەبوو و رەوانەی ئیتالیای کرد.

# گوشارەکان چڕ تردەبنەوە بۆ دەستبەرداربوونی بەرشلۆنە لەتواناکانی دانی ئەلڤیش



جەماوەرو هاندەرانی یانەی بەرشلۆنە گوشاریان خستۆتە سەر یاریزانی تیپەکەیان دانی ئەلڤیش تا دەستبەرداری یانەکە بێت لەکۆتایی وەرزی ئەمساڵ ئەمیش بەهۆی ئەو هەموو رەخنانەی رووبەڕووی دەبێتەوە لەسەر ئاستی ناوبراو لە دوا یارییەکانی یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا. لەم بارەیەوە پێگەی fichajes.net بڵاوی کردۆتەوە یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی دەستی کردوە بەئامادەکاری بەمەبەستی بەدەست هێنانی تواناکانی ئەلڤێش لەکۆتایی وەرزی ئەم ساڵدا. هەروەها پێگەی ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە گوشارەکانی هاندەرانی یانەی بەرشلۆنە رەنگە ئاماژەیەکی روون بێت لەسەر رۆیشتنی یاریزانی ناوبراو و گواستنەوەی بۆ پاڵەوانییەتی خولی فەرەنسا.

دەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال



# یانەی دهۆک گرێبەستی لەگەڵ دوو یاریزانی پێشەگەری بیانی مۆرکرد

بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لەیارییەکانی وەرزی ئەمساڵی خولی نایابی یانەکانی عێراقی و کێبڕکێ کردن لەگەڵ یانەکانی تری خولی عێراق دەستەی کارگێڕیی یانەی دهۆك چەند رۆژێك پێش ئێستا دوو یاریزانی هەریەك لە وڵاتانی ئەرجەنتین و مالی هێناوەتە ریزی یانەکەی دوای تاقی کردنەوەیان گرێبەستیان لەگەڵ ئەم یاریزانانە، کە هەردوو یاریزانەکە لە هێڵی بەرگری یاری دەکەن، مۆر کرد و خاوەن ئاستێکی بەرزن پێشتریش لە خولەکانی وڵاتانی ئەوروپا یارییان کردووە، لە بارەی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ ئەم دوو یاریزانە پێشەگەرەش، دکتۆر محەمەد سەعید جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی دهۆك بۆگۆڤاری گوڵان گوتی» بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەمان و بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە هەردوو قۆناغی خولی عێراقی ئێمە ژمارەیەك یاریزانی پێشەگەرمان هێناوەتە ریزی یانەکەمان، بۆئەوەی ئاستی تیپەکەمان بەرز بێتەوە، لە چەند رۆژی ڕابردووش هەریەك لە یاریزانان ماتیاس مازینی بەرەگەز ئەرجەنتینی و ئەبو بەکرکۆنی بەرەگەز مالی هاتنە شاری دهۆك بۆ تاقی کردنەوەیان کە هەردوو یاریزان لە هێڵی بەرگری یاری دەکەن، دوای تاقی کردنەوەیان لەلایەن دەستەی ڕاهێنەرانی تیپەکەمان لە ئاستی ئەوان ڕازی بوون و ئێمەش بەفەرمی گرێبەستمان لەگەڵیان مۆرکرد تاکو کۆتایی هاتنی یارییەکانی ئەم وەرزی خولی نایابی عێراقی، لەبارەی بڕی گرێبەستەکانیان ناوبراو ئامادە نەبوو هیچ گرێبەستێکی ئەم یاریزانانە دیاری بکات و گوتی: ئێمە بەفەرمی گرێبەستمان لەگەڵیان مۆرکردووە و تەنیا بۆ یەك وەرزشیشە. گرێبەستی هەردوو یاریزانەکەش بڕی ١٧٥هەزار دۆلارە.





# زاخۆ ڕەجا ڕافعی هێنایەوە ریزی یانەکەی

دوای ئەوەی وەرزی رابردوو ڕەجا ڕافعی هێرشـبەری هەڵبژاردەی سـوریا و یانەی شـورتەی سوری ئاستێکی بەرزی پێشـکەش کرد لەگەڵ یانەی زاخۆ لەخولی نایابی یانەکانی عێراقی، بۆیە ئەمجارەش یانەی زاخۆ لەسەر داوای هاندەرانی یانەکەی و بەمەبەسـتی بەهێز کردنی هێڵی هێرشـبردنی یانەکەی جارێکی تر ڕەجا ڕافعی هێنایەوە ریزەکانیەوە، لەم بارەشەوە خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشی زاخۆ بۆگۆڤاری گوڵان گوتـی» بۆ بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەمان و بەدەسـت هێنانـی ئەنجامی باش لە یارییەکانی ئەم قۆناغە بەفەرمی هەریەك لە یاریزانان ڕەجا ڕافعی سـوری کە پێشـووتر لە یانەکەمان بووە لەگەڵ سوهێل نعیم یاریزانی پێشـووی یانەی هەولێرو نەجەف بەفەرمی لەگەڵ ئێمە یاری دەکەن لە یارییەکانی داهاتوومان لە خولی عێراقی، لە بارەی گرێبەسـتی ئەم یاریزانانەش ناوبراو ئامادە نەبوو هیچ وردەکارییەکی گرێبەسـتەکانیان ئاشکرا بکات. ئەم دوو یاریزانەش یەکێك بوونە لە یاریزانە باشـەکانی یانەکە بۆئەوەی بتوانن لە ریزی یاریزانانی تر ئەم وەرزە ئاستی یانەی زاخۆ بەرز بکەنەوە لە خولی نایابی یانەکانی عێراق لە پاڵ یاریزانانی تری یانەکە کە ئەمساڵ لە ریزی یانەکە یاری دەکەن.



# یانەی پێشمەرگەی هەولێر و ڕاهێنەرەکەی لێک جیا بوونەوە

دوای ئەوەی ئەم وەرزە دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی هەولێر بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ ڕاهێنەری شـارەکە سـەمەد جەوهەر مۆرکرد بۆ بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکەدا، بەڵام دوای ئەوەی لە حەوت یاری ڕابردوودا یانەی پێشـمەرگەی هەولێر تەنیا یەك خاڵی کۆکردۆتەوە، ئەم ئەنجامەش جێی دڵخۆشـی دەستەی کارگێڕی یانەکە نەبووە بۆیە لەسەر ڕێکەوتنی نێوان ڕاهێنەری ناوبراو و دەستەی کارگێڕیی یانەکە بڕیاری دەست لە کارکێشانەوەی ڕاهێنەر پەسند کرا، لە ئێستاشدا یانەی پێشمەرگەی هەولێر بەدوای ڕاهێنەردا دەگەڕێت بۆ هێنانی ڕاهێنەرێکی بەتوانا بۆ سەرپەرشـتی کردنی تیپی پێشـمەرگە لەم دە یارییەی ماوە لە خولی نایابی کوردسـتان، لەم بارەشەوە نیهاد عادل جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئەوەی ڕاسـتی بێت ئەوە حەوت یارییە ئەنجامەمان وەکو پێویسـت نییە، یەك دوو هەفتە بەر لە ئێستاش ڕاهێنەری یانەکەمان داوای دەسـت لەکارکێشانەوەی لە پۆسـتەکەی کردبوو، ئێمە پێمان باش بوو جارێ بەردەوام بێت، گوتمان بەڵکو ئەنجام باش دەبێت کەچی هەر خراپ بوو، بۆیە هەردوولامان ڕێککەوتووین کە ڕاهێنەری ناوبراو دەستی لە کارکێشـایەوە، ئێمە ئێستا لە قۆناغێکی یەکجار هەسـتیاردایین دە یاریمان ماوە لە هەر دوو خولی نایابی کوردستان، دەمانەوێ کەسێکی شارەزا دەست نیشان بکەین بۆ یانەکەمان بۆ ئەوەی لە خولی کوردستان تەواو شارەزایی هەبێت لەسەر یاریزانان، ئێسـتاش بە شێوەیەکی کاتی مامۆسـتا جاسم تیپەکە بەڕێوە دەبات تاکو دەست نیشان کردنی راهێنەرێك، چەند کەسێکیش ئێستا لە بەرنامەدایە بەڵام ئێمە بەفەرمی کەسمان بۆ بەڕێوەبردنی یانەکەمان دەست نیشان نەکردووە.